# چیرۆکی ژیانم

# لاوان لەژێر باڵی ڕەشی شەڕی ناوخۆدا



**گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە لە پێناوی کولاندنەوەی برینەکان نییە، لە پێناوی ڕاگرتنی دووبارە نەبوونەوەی ئەو قەدەرەیە کە دەیەوێت بمانخاتەوە ژێر باڵی ڕەشی شەڕی ناوخۆییەکی‌تر.**

## بەشی دووەم

هەمان وەڵامی جارانم ئەدانەوە کەوتنە لێدانم بەدار و بۆکس و شەپازلە، هەرچەند جارێ بۆ لێکۆڵینەوە بانگ بکرامایە بێ لێدان نەبوو دیار بوو لاسایی حکومەتی فاشی بەعسییان ئەکردەوە کەلێیان ئەدام لەدوو کەس کەمتر نەبوون جار هەبوو ئەبوون بەچوار کەس وەك تۆپێکم لێهاتبوو کەیاری پێ ئەکەن، لای ئەوان ڕێز و خۆشەویستی و وەفا نیە ویژدانیان لەگیانیاندا دەرکردووە هەروەکو خۆشیان ئەیانوت ئێمە بەرد دێنینە قسە بەڵام لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو قسەیە لای ئەوان ڕاستییەك بوو بەڵام نەیانتوانی من ناچار بکەن کە قسەیەکی هەڵبەستراوو وەهمی بڵێم تا پلەکەی خۆیانی پێ بەرز بکەنەوە. ئەوەی ڕاستی بێت بەتەواوی ژمارەی بانگ کردنم بەڕەسمی بۆ لێکۆڵینەوە نازانم چەند بوو بەڵام دڵنیام کە لەهەفتەیەك کەمتر نەبوو، کە هەر جارێکیان لە ١٠ دەقیقەوە بۆ نیو سەعات بەردەوام بوو لێکۆڵینەوە و لێدانم لەسەر بوو بێجگە لەو ئەشکەنجەدانەی کە لەسەرەتادا بینیم. قاچم بریندار بوون کراسەکەی بەردەم سپی بوو دواتر شەڵاڵی خوێن بوو هێندەیان هێنام و بردم کراسەکەم زۆری دڕا هەموو لەشم توشی ئازار بوو کاتێك بۆ سەر ئاو ئەچووم گێڕاوگێڕ ئەڕۆیشتم تەندروستیم خراپتر بوو هەر چەندە ئیمانم بەخۆم هەبوو تابتوانم خۆم ڕاگرم، لەو لێدانەدا دارێکیان تیاشکاندم.

من بۆیە بەوردی باسی ئەکەم تا خەڵکی و خوێنەران چاکتر لە حەقیقەت بگەن و بزانن خەڵکی لەسایەی حکومەتی خۆماڵیدا چ تاڵاوێك ئەچێژن کە ئەمە قەترەیەکە لە ڕووبارێك هەڵە و غەدری ئەم چەند ساڵەی ئەم حزبە باڵادەستە بەرامبەر بەخەڵکی هەژارو بێکەس، ئەوەی تۆزێك هەستی هەبێت ئەزانێت ئەم چەند ساڵە جۆرەها ناحەقی و کاری ناشیاو بەرامبەر ئەم میللەتە کراوە. پاڵێکیان پێوەنام بۆ ژوورێکی بچوك و تاریك کەسەیرم کرد سێ کەسی تری تیایە تا ئەو کاتە چاوم پێیان نەکەوتبوو کە قسەم لەگەڵدا کردن بۆم دەرکەوت یەکێکیان ئەو کەسە بوو کە پێشتر گوێم لەلێدانی بوو هاواری ئەکرد، ئەو شوێنەی منیان فڕیدایە ناوی ژێر قادرمە بوو بەردەمی بەدیوار گیرابوو تەنیا کونێکیان تیا هێشتبووەوە بۆ هەوا ژوورەکە تەنیا جێگەی سێ کەس ئەبوو بەڵام ئێمە چوار کەس بووین ژوورەکە چرایەکی بچوکی تیا بوو یەکترمان ئەبینی. بەڵام جار هەبوو سەغڵەت ئەبوین و خەریك بوو بێهۆش بین و بخنکێن بەسەرە دەممان بەژێر دەرگاکەوە ئەنا تا لەهۆش نەچین چونکە ژێر دەرگاکە دوو پەنجە بۆشایی تیا بوو بەڵام تا بڵێی حاڵێکی ناخۆشمان هەبوو بۆنی عارەق و پیسی و ئەسپێ سەری لێ تێك دابووین ئەو کەسەی لەهەموومان کۆنتر بوو لەو سجنەدا هەر خەریکی ئەسپێ کوشتن بوو ئەو لێکۆڵینەوەی تەواو بووبوو بەڵام نازانم بۆچی هێشتبوویانەوە. ئەو شەوە ئەوەندە ئازارم هەبوو کە کەوتم تا بەیانی ئاگام لەخۆم نەبوو بەیانی دەرگایان لێ کردینەوە بۆ چوونە سەر ئاوو دەموچاو شتن.

لەو سجنەشدا هەر هەمان بەرنامەی خواردنیان هەبوو کە دوو ژەم بوو وە هەر هەمان خواردن بوو دیار بوو ئەو برادەرانەش هەر لێی بێزار بوون بۆیە پارەمان دایە چێشت لێنەرەکە تاوەکو شیرینی و تەماتەمان بۆ بێنێ بۆ ئەوەی بە صمونەکەوە بیخۆین. بەڕۆژ لێکۆڵینەوە نەبوو بەڵام کە شەومان لێ ئەهات خۆمان ئامادە ئەکرد بۆ تەعزیب بەڵام چی تعزیبێك ئەوەی کە قەت لەبیر ناچێتەوە و خۆزگە بەمردن ئەخوازی و نامری. ئەو شەوە منیان بانگ نەکرد برادەرێکی تر برایە ژووری لێکۆڵینەوە کە هێنایانەوە دیار بوو زۆریان عەزێت دابوو، حەز ئەکەم ئەوە بڵێم ئەو برادەرانەی لەوێدا و لەناو ئەو سجنەدا یەکتریمان ناسی سەرباری ئەوەی کە ئەوانیش وەك من بەند بوون بەڵام زۆر باش بوون لەگەڵما بۆیە پێم خۆش بوو ناویان بێنم وەك وەفایەك بۆیان.

شەوی دوایی وەك هەموو شەوێك دەنگی کلیلی دەرگاکە هات و دەرگایان کردەوە بانگیان کردم ئەو شەوە بۆ نەگبەتی من لەبەر گەرما کراسەکەم داکەندبوو پشتم ڕووت بوو ئەوەندە پەلەیان لێ کردم نەمتوانی کراسەکەم لەبەر بکەم و هەر بەڕووتی ڕۆیشتم بەدەمیانەوە و دووبارە بردیانمەوە بۆ ژوورە بەتاڵەکە و لەوێ کەلەپچەیان کردە دەستم و لەدواوە بەستیان و کڵاوێکیان کردە سەر چاوم تاوەکو هیچ نەبینم ئیتر وتیان: دەی ئیعتراف کە بۆچی هاتووی ئەمجارەیش وەڵامەکانم بەدڵی ئەوان نەبوو چونکە بڕیارم دابوو ئەگەر لەژێر ئەشکەنجەدا بمرم لەڕاستی زیاتر نەیڵێم چونکە خۆ ناکرێ شتێ کە نەبووبێ بەسەر خۆمدا بیسەپێنم و بڵێم وایە. بەڕاستی ئەو شەوەش بەکێبڵ و شەق و لێدانی کارەبا لەگیانم نیوە مردوویان کردم هێندەیان لێدام ئیتر فڕێیاندامەوە سجنەکەیان.

بۆ ڕۆژی دوایی هەمان کەسی تایبەت بەلێکۆڵینەوە بانگی کردم و بردمیە قاتی سەرەوەی بیناکە و لەژوورێکدا ڕایگرتم کە بۆ یەکەم جار بوو بچمە سەرەوە پێی وتم: بۆچی ئیعتیراف ناکەی؟ پێم وت: من چی بزانم هەر ئەوە ئەڵێم من پەیوەندییم بە هیچەوە نیە هەر لەقسەکەم بوومەوە کەوتە لێدانم بەخۆی و پاسەوانێکی بارەگاکەیان زیاتر لەبیست شەپازلەیان بەهەموو هێزی خۆیان لە لاڕوومەتم دا و بۆ جاری دووەم گوێم کاس بوو ڕوومەتم وەك ئاگر گەرم بوو. ئەو چەند ڕۆژەی لەوێدا سجن بووم بەساڵێك ئەبوو لام، خۆی لەخۆیدا شوێنەکەم ناخۆش بوو کاتێك شەویشم لێ ئەهات وەکو شەوانی ڕابردوو ئەبوایە چاوەڕوانی تەعزیب بم هەر بۆیە چۆن بیرم لێ ئەکردەوە وابوو شەو داهات و کاتژمێر (٩ ــ ١٠) بانگیان کردم بۆ لێکۆڵینەوە ئەمجاریش کۆمەڵێ پرسیاریان لێ کردم منیش هەر هەمان وەڵامم دانەوە بێ زیاد و کەم هەمان ڕاستی، بەڵام ئەوان هێندە بێ بڕوا بوون هیچ شتێ سوودی نەبوو قسە هەر قسەی خۆیان بوو قەناعەتیان بە من نەبوو بۆیە ئەمجاریش هەر دوو دەستیان بەستم بە کەلەپچە و دەمیان بەستم بۆ ئەوەی دەنگم لێ نەیەت بەڵام چاویان نەبەستم وەك جاری پێشوو بەکێبڵ و کارەبا لێیاندام کاتێك لەبەر دەستیاندا کەوتبووم هەڵیانساندمە پێ و هەڕەشەیان لێ کردم لەبەر چاومە کە چۆن سێ چوار کەس دەوریان لێ دابووم ئەیوت ڕووحت ئەکێشن یەکێکیان دەمانچەیەکی دەرهێنا و خستیە بن گوێچکەم و وتی: ئەتکوژم ڕاست بڵێ وتم: بەخوا ڕاستە ئەڵێم دواتر دەمانچەکەی لەبن گوێمدا چرەکاند بەڵام فیشەکی تیا نەبوو وای زانی من ئەترسم من وەك ترس ترسم نەبوو بەڵکو ئەو تەعزیبە ناخۆش بوو لام و عەزێتی گیانی زۆر ئەدام چونکە لە لایەك ئەوەندەم کێبڵ بەرکەوتبوو زۆربەی لەشم خەتی مۆری پێوە بوو و ئەو کارەبایەی لێم ئەدرا لەشێوەی مۆبایلێکدا بوو بەڵام دوو سێ ئەوەندە گەورەتر بوو هەر بەدەست بەکار دەهێنرا پلەی زیاد و کەمی لەسەر بوو کاتێك لێیان ئەدام ئازاری زۆر بوو وەکو پلایس و گازاو وابوو چۆن گۆشتی پێ ئەگری و گۆشتی پێ ڕائەکێشی ئەو ئامێرە کارەباییە تایبەت بوو بۆ تەعزیب کە بەدەیان جار لەپشتم و سەرم و شان و تەنانەت لەسەری زەکەریشم دراوە. ئەمجاریش کردیانمەوە سجنەکەوە و بێ هۆش کەوتم ئازارم زۆر بوو شەو ماوەیەك چاوم ئەچووە خەو و ماوەیەك بەخەبەر ئەهاتم دوای ئەوە پەکم کەوت وەك پیاوێکی پیر، بەیانی کە خەبەرم بووەوە هەموو لەشم شکابوو.

بۆ دواجار شەوێك لەشەوەکانی داهاتوو هەروەکو پیشەی هەمیشەیی خۆیان کەزمانی لێکۆڵینەوە یان تەنیا لێدان و ئەشکەنجەدان بوو، دوای ئەو هەموو پرسیار و تەعزیبە بۆ جاری کۆتایی بانگیان کردم و بردیانمە قاتی دووەمی بیناکە لەژوورێکدا کە شوێنی دانیشتنی خۆیان بوو چونکە ڕازێنرابووەوە و تاقمی قەنەفەی تیابوو دیار بوو شوێنی دانیشتنی خۆیان بوو ئەو شەوە سەرەتا لەسەر کورسیەك دایانیشاندم و بەهێمنی و لەسەرخۆ پێیان وتم بۆچی خۆت ئەوەندە عەزێت ئەدەی بۆ ڕاست ناڵێی ئەگەرچی ڕاستە نەیڵێی هەڵتئەواسین و تا بەیانی بەهەڵواسراوی ئەمێنیتەوە هەر شتێکی بیڵێ و خۆت ڕزگار کە چونکە ئێمە خۆمان هەموو شتێك ئەزانین ئەزانین تۆ دوو ساڵ چەکدار بووی تۆ بۆچی هاتووی کێ تۆی ناردووە براکەت لەکوێیە و پلەی چییە ئەم قسانەیان ئەکرد لەڕاستیدا ئەمانەی ئەوترا هەمووی هەڵبەستراو و درۆ بوون تەنیا بۆ ئەوە بوو من لەخۆمەوە قسەیەك بکەم و بەڵگەیەکم لەسەر دروست بکەن و بەکەسێکی تاوانبار لەقەڵەم بدرێم خۆ ئەگەر هاتوو قسەیەکم بەدەم خۆمەوە هەڵبەستایە ئەوە هێندەی تر قورم بۆ خۆم ئەگرتەوە و ڕەوانەی ئەکرام و حوکمیان ئەدام بەبێ تاوان.

ئەو شەوەش قسە بێ ماناکانیان بەمێشکمدا نەچوو چی ڕاست بوو وتم ئیتر ئەوانیش لێم شێت بوون پێیان وتم: دیارە تۆ ڕوحم بەخۆت ناکەی دەستی ببەستن. ئەوەی وتیان هەر وابووە زۆر بێ بەزەییانە بەپێوە لەسەر کورسیەك بەپێی پەتی دایاننام هەر دوو دەستیان لەدواوە بەکەلەبچە بەستم دواتر حەبلێکیان هێنا دووبارە دەستیان توند بەستم سەرێکی حەبلەکە توند بەدەستمەوە بەسترابوو سەرەکەی تری بە شیشێکەوە بوو بەسەقفی ژوورەکەوە بەسترابوو کە شوێنی پانکە بوو بەهەر حاڵ دوای هەڵواسینم کورسیەکەی ژێرمیان لابرد قاچم کەوتە بۆشاییەوە و پەنجەی پێم نەئەگەیشتە سەر عەرزەکە ئیتر چۆن بڵێی خەریکی ڕوح کێشانم بوون ئاوا ناخۆش بوو چوار پێنج کەس لەو جەللادانە دەوریان دابووم هەر جارەی یەکێکیان لێی ئەدام بەکێبڵ و کارەبا.

هەر دوو دەستم چوو بوو بۆ سەرەوەو شانەکانم بۆ پێشەوە دەرپەڕیبوون و قورسایی لەشم شۆڕ بوبووەوە ئەگەر کەسێکی قەڵەو بومایە هەر دوو شانم دەرئەهات و ئەشکا. خۆ هەر شتێکم لێ ئەهات چارەسەر نەبوو وە مەمنوع بوو دەرمان و پزیشك ئەبوایە خۆت چاك بکەیتەوە یان هەر بەو شێوەیە بمێنیتەوە، بێ ڕەحمانە لێیان ئەدام هێندەیان کێبڵ لەگیانم دا هەموو بوو بەخەتی مۆڕ و سوور شوێنی کارەباکەش هەمووی بوو بە خاڵی ڕەش ڕەش بەزۆری لەپشتیان ئەدام لەسەری زەکەرم هەر جارێك لەبەر ئازاری لێدان ئەجوڵامەوە هێندەی تر کەلەپچە و حەبلەکە دەستمی ئەبڕیەوە تەنانەت تاکو ئێستاش شوێنەواری کەلەپچەکە بەدەستمەوە ماوە کەحەوت ساڵە بەسەر ئەو ناحەقیەدا تێ پەڕیوە.

ماوەی بیست (٢٠) دەقیقەیەك ئەشکەنجە درام بەهەموو شێوەیەك تەنانەت بەچەرخ ئاگریان بەلەشمەوە ئەناو مووەکانی لەشیان ئەسوتاندم لەکاتێکدا تەنیا پانتۆڵێکم لەبەردامابوو پشتم ڕووت بوو، پێیان ئەوتم بۆخۆت هەر دەبێت بەو شێوەیە بیت هەتا ئیعتراف ئەکەی بەکۆمەڵ ڕۆیشتنە خوارەوەو دەوریان چۆڵ کردم تەنیا یەك کەسیان بەدیارمەوە هێشتەوە.

باشە نازانم ئیعتراف لەسەر چی بکەم خۆشم نازانم چی بڵێم لەبەر ئەوی هەتا ئەمڕۆش نازانم درۆ بکەم فێری درۆ نەبووم بەزۆر داری ئەیانەویست تاوانبارم بکەن ئەو چەند شەوە هێندەیان ئەشکەنجە دابووم نەمزانیبوو دەموچاوم هەمووی ڕووشابوو هێندەم لەئەرزەکە خشاندبوو. بەڵام بەهۆی ئەوەی ژوورەکە گەرم بوو و سەرەتای هاوین بوو بەهۆی ئارەقەوە زوو سارێژ دەبوو جگە لە برینداررییە قوڵەکان نەبێت. وا خۆم ئەهاتە بەر چاو چۆن قەسابێك بەدیار کەلاکێکی گۆشتەوە بەچەقۆوە وەستابێت و گۆشت لێبکاتەوە هەر بەوە دەچووم، ئەگەر یەك چارەکی تر بەو شێوەیە بوومایە ڕووحم تیا نەئەما بەڕاستی لەسەر لێواری مەرگ بووم، لەو ئەشکەنجەدان و زیندانکردنەوە زۆر شتم بۆ دەرکەوت و قەناعەتم بە زۆر شت کرد هەر وەکو بۆم دەرکەوت ئەوەی لەهیچ دڕندەیەك ناوەشێتەوە لەهەندێ مرۆڤ دەوەشێتەوەو چی لەدەست بێت ئەیکات لەکاتێکدا هیچ زیندەوەرێك بەقەد مرۆڤ عەقڵی "ژیری" نیە لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا دڕندەترین زیندەوەر بەرامبەر هەموو شتێك لەمرۆڤ دایە.

وە گەیشتمە ئەو بڕوایەی ئەگەر خوای گەورە نەیەوێت یەکێك بکوژێت و بمرێنێ هەرگیز نامرێ لەبەر ئەوەی خۆم بەنمونە دێنمەوە کە چەند بەدڕندانە ئەشکەنجە درام بۆ ماوەیەکی زۆر عەزێتم چەشت. نیوەی گیانم لەئیش کەوت سەرباری ئازاری هەموو لەشم لەکاتێکدا هەڵواسرابووم خەریك بوو دڵم شەقی ئەبرد هیچ ئەشکەنجەدانێ هێندەی ئەوە سەغڵەتی نەکردم، لە پەلوپۆی خستم بێ هێز و لاواز بووم چی ئاو لەلەشما هەبوو بوو بە ئارەق و هاتە دەرەوە دەمم وشك بوو زۆر زۆرم تینوو بوو هەر دوو باڵم سڕ بوون و خوێنیان بۆ نەئەچوو هەستم نەئەکرد دەستم بەلەشمەوە ماوە دوای ئەوەی لەهەڵواسین داگیرامە خوارەوە حاڵم زۆر خراپ بوو وایانزانی بوراومەتەوە بۆیە بەڕاکێشان بردیانمە بەردەمی موبەریدەیەك تا بەهەوا ساردەکەی بێمەوە هۆش بەڵام من هەموو گیانم ئارەق تەڕی کردبوو ئەوانیش سەرباری ئەوە یەك سوراحی ئاویان بەسەروچاوما کرد و گوێچکەم بەئاو گیرا و کپ بوو.

من هۆشم هەبوو ئاگام لەخۆم مابوو بەڵام بێ توانا و بێ دەسەڵات بووم توانای ڕۆیشتنم نەبوو قسەم بەباشی بۆ نەئەکرا دواتر بانگی دووان لەهاوەڵە سجنەکان کرا تاوەکو بچنە ژێر شانمەوە و بمبەنەوە ناو سجنەکە هەر وەکو وتم ئەو جارە ئەخیر جار بوو لێکۆڵینەوەم لەگەڵدا بکەن بەڵام کارێکیان پێکردم مەگەر هەر خوا خۆی بزانێ چۆن بوو ئەوەندەم تاڵاو چەشت بەدەستی ئەو جەللادانە کە تاکو ئێستاش وەکو کەسێکی ئاساییم لێ نەهاتووەتەوە. کاتێك برادەرانی سجنەکە منیان گەیاندە لای خۆیان بەگەیشتنم داوای ئاوم لێ کردن باش بوو سوراحیەك ئاویان لابوو هەر چەند گەرم بوو بەڵام لەبەر ئەوەی ئاو لە لەشما نەمابوو هێندەم تینوو بوو تۆزێك ئاویان بەدەممەوە کرد بەڵام تینوێتیم پێی نەشکا و وتم: هەمووی ئەخۆمەوە هەر چەند وتیان: خراپە ئەو هەموو ئاوە مەخۆرەوە بەڵام ئەوەندەم تینوو بوو هەموو سوراحیەکەم خواردەوە، شەو بەو گەرمایە لەرز و تا دایگرتم چی جل و ڕاخەر و بەتانیە کۆنە هەبوو لەو ناوە پیایانا دام ئینجا هەستم بە گەرم بوونەوە کرد بەیانی کە خەبەرم بووەوە ڕەنگی مردووم لێ نیشتبوو ئەگەر کەسێك نەیزانیایە و سەیری بکردمایە ئەیووت توشی نەخۆشیەکی گران هاتووم. هەر بەیانی کەچوومە سەر ئاو میزم کرد میزەکەم میز نەبوو بەڵکو لە جێگای میز خوێن ئەهاتە دەرەوە میزەکەم سوور سوور بوو نەمتوانی پانتۆڵەکەم توند بکەمەوە تا ناو سجنەکە برادەرەکانم بۆیان توند کردمەوە یەك دوو ژەم خواردنم بۆ نەئەخورا دواتر هەر برادەران بەکەوچك شتیان بە دەممەوە ئەکرد کە تامردن سوپاسیان ئەکەم چونکە یارمەتیان داوم.

هەر ئەو شەوە درەنگانێ ئەو کەسەی لێکۆڵەری سەرەکیم بوو خۆی بەسجنەکەدا کرد فایلەکەی منی دەرکرد و کردیەوە پێی وتم: ئیشارەتی بۆ خوارەوەی کاغەزێك کرد و وتی: ئیمزای خۆت لێرەدا بکە، بەڵام من لەبەر ئەوەی دەستم ئیشی نەئەکرد نەمتوانی ئیمزای خۆم بکەم پێم وت: ئێستا ناتوانم بەیانی هەر چەند برادەران وتیان ئیمزای کە نەجاتت ئەبێت و لێکۆڵینەوەی تۆ تەواو بەهەر حاڵ بەیانی ئیمزایەکم بۆ کردن بەڵام ئیمزا ئیمزای من نەبوو بەڵکو خەتێکی خوار و خێچ بوو کە لەخەتی منداڵێکی دوو ساڵان دەچوو چۆن قەڵەم بەوەرەقەیەکدا دێنێ هەر ئاوا بوو ئیمزاکەم. بەم شێوەیە ئیمزام کرد و لێکۆڵینەوەم تەواو بوو واتە لێدان تەواو پێم خۆش بوو ئەوەش ئاشکرا بکەم ئەوەی لەوێدا بەرامبەر بەمن ئەکرا بەرامبەر هەموو سجنەکانی تریش کە لەوێدا بوون و بگرە ئەوانەش کە ئەهاتن بەسجنی بۆ ئەوێ هەمان ئازاریان چەشت بەڵام نازانم بەقەد من ئەشکەنجە دران یان نا، یان ئەوانە تاوانیان هەبوو یا بەبەڵگەوە گیرابوون یا هەروەکو من بەناحەق بەند کرابوون.. نازانم!؟

چەند شەوو ڕۆژێك هێشتیانمەوە پێیان ئەوتم تۆ هیچ شتێکت لەسەر نیە و ئازادی بەڵام تا زو خۆت چاك نەکەیتەوە ڕزگارت ناکەین منیش بۆ ئەوەی لەو حاڵە ڕزگارم بێت ئەمووت چاك بووم بەڵام لەڕاستیدا چەند شوێنکەیەك بەدەموچاو و قاچ و پشتمەوە بوون بێجگە لەکارکەوتنی هەر دوو دەستم، یەك دوو جار بردیانمە سەر بانی بیناکە بۆ ئەوەی وەرزشم پێ بکەن و تۆزێك حاڵم باش بێت ئینجا ڕزگارم بکەن تا خەڵکی نەزانن و نەمبینن کە چیم بەسەر هاتووە بەدەستی ئەمانە تا بۆخەڵك ڕوون نەبێتەوە ئەمانە لەژێرەوە چی بەرامبەر خەڵك ئەکەن هەر ئەو ماوەیە کە منیان هێشتبوە لای خۆیان لەکۆتایی ئەشکەنجەدان و لێکۆڵینەوەی زۆر و هێنان و بردنم، براکەم چەند ڕۆژێك هاتبوو بۆ ئەوەی بزانێ من بۆ دیار نیم و هەواڵم نیە کە پرسیاری لەبرادەر و ناسیاو و خزمانمان کردبوو پێیان وتبوو: چۆتە بازاڕ و دیار نەماوە ئێمەش وامان زانیوە گەڕاوەتەوە بۆ سلێمانی.

هەر چۆنێ بوو براکەم کەوتبووە گەڕان بەهەموو لایەکدا تاوەکو من بدۆزێتەوە بەڵام کاتێك زانی من گیراوم هەموو شتێ تەواو بووبوو هەر چەند هاتنی ئەوو گەڕان بەدوامدا بوو بەسەبەبی ئەوەی من بدۆزێمەوە و هەواڵم بزانرێ و زووتر ڕزگارم بێت. بەڕاستی براکەم شەوو ڕۆژی خستبووە سەر یەك تا من بدۆزێتەوە چونکە هەر وا خۆش نییە کەسێکت بێ سەر و شوێن بکرێت و دیار نەمێنێ، هەروەك وتم ئەوانەی ئیش ئەکەن هەر زیندانیەکیان لا بێت باسی ناکەن بۆ خەڵکی تر هەر ئەوە بوو براکەمی بە هیلاك بردبوو چونکە ڕاستیەکانیان لێ شێواندبوو. لەو ماوەیەدا خزم و برادەرانمان هەمووی بەپرسیار و گەڕان بەدوای مندا وێڵ بوون تا بەڕێکەوت ناسیاوێکمان زانیاری وەرگرتبوو کەوا هەر بەهاوکاری ئەو ناسیاوە و براکەم ئازاد کرام. ١٩٩٧/٦/٢٨ ئازاد کرام و بردیانم بۆ ماڵی خزمێکمان تا بحەسێمەوە کە چووم کۆمەڵێك کەس و کار و خزم هاتبوون بۆ لام.